www.kurdistannet.org
27-2-2007 22:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ژن لە نێوان کۆمەڵگەو یاسادا ... ئارام سدیق

یەکێك لە باسە گرنگەکانی ئێستاو چەند ساڵی ڕابردووی میدیای کوردی باسکردنی یەکسانی و مافی ژن و ئازادییەکانی ژنانە، بێگومان تا ئەم مەسەلانە باس بکرێن زیاتر زەمینەی چەسپاندن و بە دیهێنانیان دەڕەخسی بۆیە من وەکو خۆم زۆر لەگەڵ ئەو باسکردنەدام، هەروەها بوونی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەك تایبەت بەژنان هەرچەندە لە ئاستی پێویستدانین و من سەرنجم زۆر هەیە لە سەریان بەڵام جێگای گرنگین و و دەکرێت لە داهاتوودا هەنگاوی جدیتر بنرێت.

یەکێك لەو پرسیارانەی بەردەوام دەکرێت ئەوەیە با ژنی کورد ئازاد بێت، بالەلایەن دەستوورو یاساکانی (ئەحوال شەخسی) هەو ژنان کۆت نەکرێن، بەڵام ئایا چی مافەکانی ژنان کۆت دەکات؟ ئەگەرچی ژنی کورد تا ڕادەیەکی زۆر لە نێو یاساکاندا ئازادەو ڕێکخراوەکانی ژنانیش هەوڵی گۆڕینی ئەو بڕگە یاساییانەیان داوە، بەڵام ژنی کورد لەبەر ئەوەی بەدرێژایی بوونی لەگەڵ ڕەتبوونی ڕەوتی مێژوودا بەردەوام لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە چەوسێنراوەتەوە، بۆیە لەگەڵ ڕەخسانی ئەو کەشەی یاساش بۆی ڕەخساندووە، بەڵام لەنێو خودی خۆیدا وەکو تاك ئازاد نیە. واتە دەکرێت کەسێك لە زیندانداا بێت، بەڵام ئازادیخوازانە بیر بکاتەوە، یان بە پێچەوانەوە دەکرێت کەسێك لە کەشێکی زۆر ئازاددا بە عەقڵیەتێکی تاریك بیر بکاتەوە.

لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا بوو کەسەردانی تارانم کردو لەگەڵ چەندن برادەرێکی ڕۆژنامەواندا چووینە ڕۆژنامەی (سەرمایە) کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیەو لاپەڕەی تایبەتی بەژنان هەیە، بەرپرسی لاپەڕەی ژنانی ڕۆژنامەی ناوبراو ئەوەی باسکرد کەژنی کورد تاڕادەیەکی زۆر ئادو تا ڕادەیەکی زۆریش سەرسامی خۆی بەجل و بەرگ و ئەو ئازادیە دەربڕی باسی لە قۆرغکردنی ئازادی ژنانی فارسی دەکردو بەڵام کە دەربارەی ئازادی ژن پرسیاری لێکردم تا لە نزیکەوە ئاشنای بۆ چوونی یەکتری بین من بە پێچەوانەوە وەڵامم دایەوە و ئەویش زۆری لا سەیربوو. من وتم پێموایە ژنانی فارس و کچانی تارانی ئازادترە تا کچێکی سلێمانی و ژنانی کورد، چونەك لای ئێمە کۆمەڵگەو عەقڵیەتی زاڵی خێڵەکی ڕێگرە لە ئازادی ژن، دەنا لە جل و بەرگ و یاساکاندا ژن ئازادە، بەڵام ژنانی ئێران لە یاساکاندا زنجیر کراون، بەڵام لەنێو خودی خۆیاندا ئازادن وەکو تاك و کۆمەڵگەدا ئازادن و ئازادەنەش بیر دەکەنەوە و هیچ فشارێکی کۆمەڵایەتیان لەسەر نیە. خانمی بەرپرسی لاپەڕەی ژنانی ڕۆژنامەی (سەرمایە) ئەم بۆچوونەی منی بەلاوە سەیربوو، ژنێك بتوانێت ڕێکپۆشترین جل بپۆشێت، بەڵام نەتوانێت ئازادانە بیر بکاتەوە فشارە کۆمەڵایەتییەکان ئاڕاستەی ژیانی دیاری بکەن.

دواجار ئەوە ڕوونەدەبێتەوە ئەوەی ئازادی لەسەر بەندە تەنها ئەقڵەو بیرکردنەوەی ئەقڵانی دەبێت، نەك بەگۆڕینی یاساکان، بۆیە ئازادی ژن تەنها بەپۆشینی جل و بەرگ و گۆڕینی یاساکان نایەتە دی بەڵکو تەنها بەگۆڕانی کۆی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێمە دێتە دی و لەسەر ڕێکخراوەکانی ژنان پێویستە کۆی سیستەمی کۆمەڵایەتی بخەنە ژێر پرسیارەوەو کار لەگۆڕین و وشیار کردنەوەی ئەقڵی مرۆڤی کوردا بکەن و کار لەگۆڕینی ڕوانینی ڕەگەزی نێردا بکەن بۆ مێینەو مافەکانی.

Aram_sdeq@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.